# جیاوازی شوێنجێیی بۆ دیاردەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

**پێشڕەو صمد تۆفیق[١]، شوان سعدی محمد[٢]**

[١،٢] بەشی جوگرافیا، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

قەزای دوکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠٢٣دا ڕەوت و شێوازی بەرچاوی ڕێژەی جیابونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوری و سیاسی وسەربازی تێدا بەدیدەکرێت کە ناوچەکە ڕوبەڕوی بۆتەوە بەتایبەتیش کێشەی جەنگی دژ بەداعش و کێشەی ئابوری و سیاسی کاریگەری کردۆتە سەر دانیشتوانی قەزای دوکان کە ئەم هۆکارانەی باسکران ڕێگە خۆشکەرن بۆ دروستبونی کێشەکان لەسەروی هەموشیانەوە کێشەی خێزان و زیادبونی ڕێژەی جیابونەوە وکەمبونەوەی هاوسەرگیری، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەهاکانی پەیوەست بە خێزان و هاوسەرگیری دەستیان بەگۆڕانکاری کردووە ئازادی لە بڕیاردانی جیابونەوە وایکردووە کە ژمارەی جیابونەوە زیاد بێت، بۆیە پشت بەست بەهەریەک لە داتاکانی دادگای بەرایی دوکان و دادگای بەرایی پیرەمەگرون گەیشتینە ئەوەی کە ژمارەی جیابونەوە لە قەزاکە زیادیکردوە بە جۆرێک لە ساڵی (٢٠١٣) ژمارەی جیابونەوە (٦١) بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٣)زیادیکردووە بۆ (٧٨)، لە بەرامبەریش ژمارەی هاوسەرگیری کەمی کردووە بە جۆرێک لە ساڵی (٢٠١٣) ژمارەی هاوسەرگیری(٤٦٠) بووە بەڵام ساڵی (٢٠٢٣) ژمارەکە کەم بۆتەوە بۆ (٤٢٣) هاوسەرگیری، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە درکمان بە هەندێک داتاو زانیاری کرد لەسەر جیابونەوە لەناوچەی لێکۆڵینەوە کە پێشتر بڵاو نەکراوەتەوە، ڕێخۆشکەرە بۆ لایەنی پەیوەندیدار کار بکات بۆ دانانی پلانێک بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، گرفتی ئەم توێژینەوەش لەوەدایە کە زیادبونی ژمارەی دانیشتوان کاریگەری لەسەر بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە و دەرکەوتنی دەرهاویشتەکان لەسەر دانیشتوان و ناوچەی توێژینەوە هەیە ، ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی کێشەیەکی گەورەی دانیشتوانی قەزای دوکان و خستنەڕوی زانیاری تایبەت بە جیابونەوەیە، ڕونکردنەوەی مەترسیەکانی جیابونەوە لەسەر تاک و کۆمەڵگا لە داهاتودا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**وشەسەرەکییەکان:** جیابونەوە، هۆکارەکانی جیابونەوە، یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دوکان، دابەشبونی جیابونەوە بەپێی یەکە کارگێرییەکان، ژمارەی جیابونەوە.

## ١.پێشەکی

زیادبونی ژمارەی دانیشتوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هاوسەرگیری و جیابونەوە هەیە، لەگەڵ زیاد بونی ژمارەی دانیشتوان فشارە ئابوری وکۆمەڵایەتیەکان لەسەر تاکەکان زیاد دەبن، کە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە شێوازی هاوسەرگیریدا، هاوسەرەکان ڕوبەڕوی ئاستەنگی نوێ دەبنەوە کە پەیوەندیان بەدابینکردنی بژێوی ژیانەوە هەیە، کە زۆربەی کات کاریگەری نەرێنیان لەسەر سەقامگیری پەیوەندی هاوسەرگیری دەبێت و لە کۆتایشدا ژمارەی جیابونەوە بەرز دەبێتەوە، زۆر جار فشارە ئابورییەکان ناتەبایی نێوان هاوسەرەکان زیاد دەکەن و ژمارەی جیابونەوەی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێت. بە هۆی زیاد بونی بژاردەی زیاتری هاوسەرگیری بڕیاری جیابونەوە ئاسانتر دەکات و لەبەرامبەریشدا بڕیاردان بۆ هاوسەرگیری قورس دەکات .

**١-١. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی مەترسیەکانی دیاردەی جیابونەوە لەسەر دانیشتوان و تاکەکانی کۆمەڵگە لە قەزای دوکان.

**٢-١. گرنگی ئەم توێژینەوەیە:** لەوەدایە درکمان بە هەندێک زانیاری کرد لەسەر جیابونەوە لەناوچەی لێکۆڵینەوە کە پێشتر بڵاو نەکراوەتەوە، ڕێخۆشکەرە بۆ لایەنی پەیوەندیدار کار بکات بۆ دانانی پلانێک بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

### ٣-١.گرفتی توێژینەوەکە:

ا-ئەو هۆکارانە چین کە کاریگەری لەسەر زیادبونی ژمارەی جیابونەوە وکەمبونەوەی هاوسەرگیری لە ناوچەی توێژینەوە هەیە.

ب- ئایا ژمارەی جیابونەوە لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت.

### ٤-١. گریمانەی توێژینەوەکە:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٧ ئاب ٢٠٢٤
پەسەندکردن: ٤ تشرینی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٤ ئاب ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shwan.sahdey@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ پێشڕەو صمد تۆفیق، شوان سعدی محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp421-437

ا- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهێزترین هۆکارن کاریگەرییان لەسەر زیادبوونی ژمارەی جیابونەوە هەیە.

ب- جیاوازی لە دابەشبونی ڕێژەی جیابونەوە لەسەر ئاستی ناحیەکانی قەزاکە بەدی دەکرێت وەک هەریەک لە ناحیەکانی (پیرەمەگرون، دوکان)

**١-٥. میتۆدی توێژینەوە:** لەکاتی نوسینی هەر توێژینەوەیەک پێویستە توێژەر میتۆدێک یان زیاتر بەکاربهێنێت، لەم توێژینەوەیەدا هەر یەک لە میتۆدەکانی (وەسفی و شیکاری و بەراوردکاری و هەڵهێنجان) مان بەکار هێناوە.

**١-٦. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی سەرەکی خستنەڕوی کێشەیەکی گەورەی دانیشتوانی قەزای دوکان و خستنەڕوی زانیاری تایبەت بە جیابونەوەیە، ڕونکردنەوەی مەترسیەکانی جیابونەوە لەسەر تاک و کۆمەڵگا لە داهاتودا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تا لایەنی پەیوەندیدارهەوڵبدات لەم ڕێگەیەوە کار بکات بۆ کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەپێی میکانیزمێکی تۆکمەو کارا لە ڕێگەی دامەزراندنی ناوەندی ڕاوێژکاری خێزانی لەناوەندەکانی خوێندن و بەلەبەرچاوگرتنی هەریەک لە هۆکارەکانی ئابوری وسیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا پێکهاتبن بۆ دانانی سنورێک بۆ جیابونەوە و چارەسەری کێشەکانی خێزان و بەتایبەتیش هێڵی ئینتەرنێت.

**١-٧.پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ گەیشتن بە ئەنجام لەتوێژینەوەکەدا توێژینەوەکەمان بەمشێوەیە دابەشکردوە :

١. پێشەکی:

٢. ڕەهەندی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە:

٣. ئاراستەکانی جیابونەوەی دانیشتوانی قەزای دوکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٣:

٤. تێکڕای گەشەی دیاردەی جیابونەوە و هاوسەرگیری لە قەزای دوکان بەپێی یەکە کارگێڕیەکان بۆ ساڵی(٢٠١٣-٢٠٢٣):

٥.گرنگترین هۆکارەکانی جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە:

لە کۆتایش باسی ئەنجام و ڕاسپاردە و ئاماژە بەلیستی سەرچاوەکان کراوە.

## ٢-ڕەهەندی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە

باسکردن لە ڕەهەندی جوگرافی کە هەر یەک لە ڕەهەندی سروشتی و دیمۆگرافی دەگرێتەوە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی دابەشبونی دیاردەکان شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

باسکردن لە ڕەهەندی جوگرافی کە هەر یەک لە ڕەهەندی سروشتی و دیمۆگرافی دەگرێتەوە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی دابەشبونی دیاردەکان شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

### ٢-١- سنوری توێژینەوەکە (شوێنی و کاتی):


قەزای دوکان بەیەکێک لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی دادەنرێت، دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان لە بەشی باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی ، نەخشەی(١)

لە ڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە قەزای دوکان دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (=٠٠,-٣٠, ٣٥° و =٠٠ , -١٥, ٣٦° ) ی ڕۆژهەڵات و هێڵی درێژی (=٠٠,-٤٥, ٤٤° و =٠٠ , -١٥, ٤٥° ) ی باکور، لە ڕوی کارگێڕیەوە قەزاکە لەڕێککەوتی (١٩٧١/٦/١٦)ز) بە گوێرەی مەرسومی کۆماری (٢٤٧)کراوە بە قەزا لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە گوێرەی مەرسومەکە لە هەردو ناحیەی (سورداش و چناران) پێکهاتبو.(محمود،٢٠١٣،ل٧)، لە ئێستادا ئەم قەزایە لە (٦) ناحیە پێکدێت کە بریتین لە (سەنتەری قەزا(دوکان)، سورداش، خەلەکان، بنگرد، خدران، پیرەمەگرون) بەجۆرێک بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی هاوسنورە لەگەڵ قەزای پشدەر، باکوری خۆرئاوای لەگەڵ قەزای ڕانیە، قەزای (کۆیە و چەمچەماڵ) بەشی ڕۆژئاوای پێکهێناوە، قەزاکانی(ماوەت وچوارتا) دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزای دوکان، نەخشەی (٢).

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و پێگەی ئەسترۆنۆمی بەرپرسی یەکەمە لە دیاریکردنی خەسڵەتە جوگرافیە سروشتیەکانی هەرناوچەیەک و دەرخستنی سیفەتەکانی، کاریگەری شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە جۆرێکە وایکردوە تۆپۆگرافیای قەزاکە جیاوازی بەرچاوی تیادا بە دیدەکرێت بەجۆرێک بەشی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە بەرزیەکەی لە نێوان(٢٦٢٠،١٠٠٠)م دایە،

نەخشەی (١)

شوێنی جوگرافی قەزای دوکان بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی



سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە:-

١-زانیاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، ٢٠٢٣.

٢- (arcmap GIS 10.8.3)


گرنگترینیان بریتیە لە چیای پیرەمەگرون کە بەرزی (٢٥٧٩)م، چیای سورداش کە بەرزیەکەی (١٣٣٠)م، چیای سارا لە سەنتەری قەزاکە بەرزی(١٨٠٠)م، چیای کۆسرەت لە باکوری ڕۆژئاوای قەزاکەیە کە بەرزی (١٥٠٠)م لەئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە، (احمد،٢٠١٥:ل٤٣-٤٦)واتە ئەم ناوچانە خەسڵەتی شاخاوی لە خۆدەگرێت، بەڵام تا لە بەشەکانی ڕۆژهەڵات بەرەو بەشەکانی باکور وباشوری ڕۆژئاوا بڕۆین بەرزی لە ئاستی ڕوی دەریا کەم دەکات و ناوچەی دەشت و زۆرگاوەکان دەردەکەوێت کەبەرزیان دەگاتە (١٠٠بۆ ٣٠٠)م ،گرنگترین دەشتەکانی ئەم قەزایە (دەشتی مەرگەو دەشتی پیرەمەگرون)ە، جیاوازی لە تۆپۆگرافیا کاردانەوەی لەسەر جۆراوجۆری خاک لەلایەک و جۆراوجۆری لە ئاووهەوای ناوچەکە لەلایەکی ترەوە

هەیە، لەڕوی پلەی گەرمی ڕێژەی باران و بەفر وبا دروست کردوە.(محمود، ٢٠١٣، ل٦)، ئەم شێوازە لە سروشتی ناوچەکە و بونی بەرزو نزمییە و نەبونی ڕێگەو بانی گونجاو بۆ گوندەکانی قەزای دوکان وایکردووە کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دانیشتوانی گوندەکان کۆچ بکەن بۆ سەنتەری ناحییەکان بەتایبەتیش ناحییەی سەنتەر و ناحیەی پیرەمەگرون لەبەر بونی دام و دەزگاکانی حکومەت و بونی بازار و پێویستی بەدەستی کار لەم ناوچانە ئەمیش وایکردووە کە بەریەککەوتنی دانیشتوان ڕوبدات بەهۆی جیاوازی ژیان لە گوند و شارەکان و جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری بۆتە هۆکارێک کە ژمارەی جیابونەوەی بەرز کردۆتەوە.

ئەوەشی تایبەتە بە سنوری کاتی توێژینەوەکە بۆ دەرخستن و خستنە ڕوی ژمارە و جیاوازی دیاردەی جیابونەوە لە قەزای دوکان پشتمان بەستووە بە زانیاریەکانی ساڵی ٢٠١٣ وەک ساڵی بنەرەت تا ساڵی ٢٠٢٣.

نەخشەی (٢)

یەکە کارگێریەکانی قەزای دوکان




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە:


١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان، بەشی gis، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (arcmap GIS 10.8.3)

## ٢-٢- ڕوبەر و دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

ناوچەی لێکۆڵینەوە هەر لە سەرەتای بونی بە قەزا چەندین جار لە ڕوی ڕوبەرەوە گۆڕانکاری بەسەر هاتووە ئەویش بەهۆی گۆڕانکاری لە ڕوی کارگێری و سیاسی کە لەناوچەکە کراوە، لە ئێستادا کۆی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (١٧٨٣.٥)کم٢، لەکاتێکدایە ڕوبەری پارێزگای سلێمانی دەگاتە (١١٤٢٣.٧)کم٢، کە لە (١٥.٦٪)ی پایزگای سلێمانی پێکدێنێت، خشتەی (١)، شێوەی ( ١)، نەخشەی(٣).

نەخشەی (٣) دابەشبونی چڕی دانیشتوانی قەزای دوکان لە سەر ئاستی یەکە کارگێریەکان (کەس/کم٢) بۆ ساڵی ٢٠٢٣




١--حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان، بەشی gis، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشتی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ پشیت بەست بەژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠٩.

٣- (arcmap GIS 10.8.3).

ناحیەی سەنتەر ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (١٤٥٢٠)کەس کە لە (٢٣.٣٪)ی دانیشتوانی قەزای دوکان پێکدینێت بە پلەی دووەم دێت دوای ناحیەی پیرەمەگرون کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (٣٤٥٥٠)کەس کە دەکاتە (٥٥٪)ی کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە، ناحیەی بنگرد ژمارەی دانیشتوانی (٣٨١٢)کەس ڕێژەی (٦٪)ی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، سوورداش کەمترین ژمارەی دانیشتوان پێکدێنێت ژمارەی دانیشتوانی (١١٠٠)کەس و ڕێژەی (١.٨٪)ی قەزاکە، خەلەکان (٦٧٢٠)کەس و ڕێژەی (١٠.٧٪)ی دانیشتوان، خدران (٢٠٢٠)کەس و ڕێژەی (٣.٢٪)ی دانیشتوان،

سەبارەت بە ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە ناحیەی خەلەکان کە کەمترین ڕوبەری قەزاکە پێکدێنێت ڕوبەری دەگاتە (٦٪)ی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە، ناحیەی بنگرد زۆرترین ڕوبەری پێکهێناوە کە (٣٧٪)ی سەرجەم ڕوبەری ناوچەی توێژنەوەیە لەدوای ئەوانیش هەریەک لە ناحیەی پیرەمەگرون کە ڕوبەری (٢١٥)، ناحیەی سەنتەر (٨٪)، ناحیەی خدران (٦٪)، سوورداش (١٦٪) ی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنیت.

هەرچەند ناحیەی سەنتەر ڕوبەرەکەی کەمە دەگاتە(٨٪)ی کۆی ڕوبەری قەزاکە، بەڵام ژمارەی دانیشتوانەکەی دوای پیرەمەگرون بە پلەی دووەم دێت بۆیە زۆرترین چڕی دنیشتوانی هەیە، کە دەگاتە (١٠٤کەس/کم٢)، کەمترین چڕیش لە ناحیەی سورداشە بەهۆی گەورەیی ڕوبەرەکەی و کەمی ژمارەی دانیشتوان کە دەگاتە (٣.٧ کەس/کم٢) هۆکاری ئەمەش بۆ کۆچکردنی بەشێکی دانیشتوان ئەم ناحیەیە بۆ ناحیەی سەنتەرو پیرەمەگرون دەگەڕێتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp421-437

خشتەی (١)


ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| ژ | یەکە کارگێڕیەکان | ژمـــارەی دانیشتوان | ٪ | ڕووبەر /کم٢ | چـــــڕی٪ (کم٢/کەس) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سـەنتەر (دوکان) | ١٤٥٢٠ | ٢٣.١ | ١٣٩.٤ | ١٠٤.١ |
| ٢ | پیرەمەگرون | ٣٤٥٠٠ | ٥٥ | ٣٦٧.٢ | ٩٤ |
| ٣ | بنگرد | ٣٨١٢ | ٦ | ٦٥٥.٣ | ٥.٨ |
| ٤ | سورداش | ١١٠٠ | ١.٨ | ٢٩٤.٢ | ٣.٧ |
| ٥ | خەلەکان | ٦٧٢٠ | ١٠.٧ | ١١٥.٨ | ٥٨ |
| ٦ | خدران | ٢٠٢٠ | ٣.٢ | ٢١١.٦ | ٩.٥ |
| | کۆی گشتی | ٦٢٧٢٢ | ١٠٠ | ١٧٨٣.٥ | ٣٥.١ |

سەرچاوە:

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشتی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ پشیت بەست بەژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠٩.

٣- (arcmap GIS 10.8.3).




شێوەی (١) ڕووبەری یەکە کارگێڕیەکانی قەزای دوکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣(کم٢)

سەرچاوە؛ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١)

بەسەرنجدان بە خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە کەمترین چڕی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە هەرســێ ناحیەی (بنگرد و ســورداش، خدران)ە بە هۆی فراوانی ڕووبەری هەریەک لەم ناحیانەو کەمی ژمارەی دانیشــتوانیان، هەر یەک لە ناحیەکانی (پیرەمەگرون، دوکان، خەلەکان) زۆرترین چڕی دانیشتوانی تێدا بەدیدەکرێت.


## ٣- ئاستەکانی هاوسەرگیری و جیابونەوەی دانیشتوانی قەزای دوکان لە نێوان سالانی ٢٠١٣-٢٠٢٣

لێکۆڵینەوە لە هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لە سەر ئاستی ناحیەکان و شـــار و گوند بە یەکێک لە توێژینەوە گرنگەکان دادەنرێن بەتایبەتیش لە دوای زیاد بونی دیاردەی جیابونەوە لەم ساڵانەی دوایدا، بۆیە لێرەدا گرنگی دەدەین بە جیاوازی کاتی و شوێنی دابەشبونی جوگرافی بۆ دیاردەی جیابونەوە:

### ٣-١.ئاراستەکانی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لەماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

هاوســەرگیری و جیابونەوە بە یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە کاریگەری گەورەیان لەســەر دانیشــتوان پێکهاتەی دانیشــتوان هەیە ، بەتایبەتیش جیابونەوە هۆکارێکە بۆ کەمبونەوەی ژیانی هاوســەرگیری، بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی کە ڕێژەی جیابونەوە زۆرە کاریگەری ڕاســتەوخۆی لەســەر کەمبونەوەی ژمارەی منداڵ هەیە لە هەمان کاتیش کاریگەری لەسەر گۆڕانی ژمارە و پێکهاتەی دانیشتوان هەیە ، (المسوی: ٢٠١٤، ص١٥).

نەخشەی (٣) دابەشبونی چڕی دانیشتوانی قەزای دوکان لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان (کەس/کم٢) بۆ ساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، وەزارەتی شـــارەوانی و گەشـــت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان، بەشی gis، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (arcmap GIS 10.8.3)

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشتی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ پشیت بەست بەژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠٩.

کاتێک جیابونەوە ڕو دەدات کە پێشــتر هاوســەرگیری بونی هەبێت، بۆیە توێژەر بۆ بەرچاو ڕونی زیاتر و دەرخستنی جیاوازیەکە ژمارەی هاوســەرگیریشــمان وەرگرتووە کە جیاوازیەکی زۆر بەدیدەکرێت لە دابەشـــبون و ژمارەی جیابونەوە و ژمارەی هاوسەرگیری لە قەزای دوکان لە نێوان سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)، خشتەی (٢)، شێوەی (٢).

خشتەی (٢)


دابەشبونی ڕێژەیی دیاردەی جیابونەوە و هاوسەرگیری لە قەزای دوکان لە ماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

| سال | ژمارەی هاوسەرگیری | ڕێژەی سەدی | ژمارەی جیابونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | ٤٦٠ | ٨٨.٣ | ٦١ | ١١.٧ |
| ٢٠١٤ | ٣٩١ | ٨٧.٢ | ٥٧ | ١٢.٨ |
| ٢٠١٥ | ٣٧٩ | ٨٤.٤ | ٧٠ | ١٥.٦ |
| ٢٠١٦ | ٣٧٠ | ٨٥.٦ | ٦٢ | ١٤.٤ |
| ٢٠١٧ | ٣٢٠ | ٨٣.٩ | ٦١ | ١٦.٢ |
| ٢٠١٨ | ٣٩٥ | ٨٥.٣ | ٦٨ | ١٤.٧ |
| ٢٠١٩ | ٣٩٩ | ٨٣.٢ | ٨١ | ١٤.٩ |
| ٢٠٢٠ | ٤٠٢ | ٩٤.٨ | ٢٢ | ٥.٢ |
| ٢٠٢١ | ٣٥٦ | ٨٤.٩ | ٦٣ | ١٥.٢ |
| ٢٠٢٢ | ٤٢٢ | ٨٤.٦ | ٧٧ | ١٥.٥ |
| ٢٠٢٣ | ٤٢٣ | ٨٤.٤ | ٧٨ | ١٥.٧ |
| کۆی گشتی | ٤٣١٧ | ٨٥.٩ | ٧٠٠ | ١٤.١ |

سەرچاوە کاری توێژەر شت بەست بە:

١-وەزارەتی داد، دادگای بەرایی دوکان، بەشی باری کەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢-وەزارەتی داد، دادگای بەرایی پیرەمەگرون، بەشی باری کەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.




شێوەی (٢) دابەشبونی ڕێژەیی دیاردەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لە ماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٢)

بەسەرنجدان بە زانیاریەکانی خشتەی (٢)، شێوەی (٢)، جیاوازیەکی زۆر لە دیاردەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لەم ماوەیەدا بەدیدەکرێت ، بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی جیابونەوە لە قەزای دوکان لە سالی (٢٠١٩) بووە ژمارەی (٨١) حاڵەت و ڕێژەی (١٤.٩٪)،هۆکاری ئەمەش بۆ دروست بونی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان لەسەرەتای سالی (٢٠١٥)دا دەگەڕێتەوە، بەڵام کاریگەریەک لەم سالەدا دەرکەوتووە ئەوانیش کێشەی جەنگی داعش و خراپی دۆخی موچەخۆران و پێنەدانی موچەکانیان، لەکاتێکدا کەمترین حاڵەت لە سالی (٢٠٢٠)تۆمارکراوە بەرێژەی(٩٤.٨٪)، هۆکاری ئەمەش بۆ دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگەڕێتەوە و بەم هۆیەوە دام ودەزگا حکومییەکان پشویان ڕاگەیاند بۆیە تۆمارەکانی جیابونەوە کەم بون، سالەکانی تریش بەشێوەیەکی جیاواز هەر یەک پشکی خۆی بەرکەوتووە لە ژمارەی جیابونەوە، لە کاتێکدا کۆی گشتی ژمارەی حاڵەتی جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە لەم ماوەیەدا دەگاتە (٧٠٠) حاڵەت، بەهەمان شێوە جیاوازیەکی زۆر لە ژمارەی هاوسەرگیری لە قەزای دوکان لەوماوەیەدا بەدیدەکرێت بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی هاوسەرگیری لەسالی (٢٠١٣)دا تۆمارکراوە کە (٤٦٠)حاڵەت بووە بە ڕێژەی (٨٨،٪) هۆکاری ئەمەش بۆ باش بونی دۆخی ئابوری خەڵکی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە، لەم کاتەدا کە هاندەرێک بو بۆ پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری ، نزمترین ژمارەش لە سالی (٢٠١٧) کە ژمارەکە (٣٢٠)حاڵەت و ڕێژەی (٨٣.٩٪)، کە هۆکاری سەرەکی جەنگی داعش بو، چونکە ترسی هاتنی داعش لەلایەک خراپ بونی دۆخی ئابوری و دۆخی موچەی فەرمانبەران و زیاد بونی بێکاری بەدوای خۆیدا هێنا، خشتەی (٢)، وە کۆی گشتی ژمارەی هاوسەرگیری لەم ماوەیەدا دەگاتە (٤٣١٧) حاڵەتی هاوسەرگیری.

### ٣-٢. دابەشبونی جوگرافی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان

دابەشبونی جوگرافی جیابونەوە و هاوسەرگیری لە قەزای دوکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان لەماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣) بەمشێوەیە تۆمارکراون:

ناحیەی سەنتەر(دوکان) لە سالی (٢٠١٣) ژمارەی جیابونەوە (٢٢) حاڵەت بووە ڕێژەی (٣٦٪) ی جیابونەوەی قەزاکەی پێکهیناوە، لەکاتێکدا ژمارەی هاوسەرگیری ناحیەی سەنتەر(٢٠٧)هاوسەرگیری ورێژەی (٤٥٪)بووە، ناحیەی پیرەمەگرون کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە ڕوی ژمارەی جیابونەوە وهاوسەرگیری ژمارەی جیابونەوە دەگاتە(٢٨) جیابونەوە ڕێژەی(٤٦٪)، لەکاتێکدا ژمارەی هاوسەرگیری لەم ناحیە (٢٢٤) هاوسەرگیری ورێژەی(٤٨.٧٪) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون و فرەیی کۆمەڵایەتی، ناحیەی بنگرد لە ئەوەی ڕوبەرێکی فراوانی هەیە، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی کەمە ژمارەی جیابونەوە (٣)حاڵەت ورێژەی(٤.٩٪)، ژمارەی هاوسەرگیری (٧)، ڕێژەی (١.٥٪)ی قەزاکەی پێکهێناوە، خەلەکان ژمارەی جیابونەوە(٥) حاڵەت و ڕێژەی (٨.٢٪)، ژمارەی هاوسەرگیری (١١) ڕێژەی (٢.٣٪)، لەکاتێکدا سورداش ژمارەی جیابونەوە (١)ڕێژەی (١.٦)، ژمارەی هاوسەرگیری (٥) حاڵەت و ڕێژەی (١٪) بەشدارە، ناحیەی خدران (٢) حاڵەتی جیابونەوە و ڕێژەی (٣.٣٪) تێدا تۆمارکراوە، (٦)حاڵەتی هاوسەرگیری و ڕێژەی (١.٤٪) بەشدارە واتە لە سالی (٢٠١٣)کۆی ژمارەی جیابونەوە لەسەر ئاستی قەزا(٦١) حاڵەت و هاوسەرگیری (٤٦٠)حاڵەت بووە، خشتەی (٣)، شێوەی (٣).

خشتەی (٣)


دابەشبونی جوگرافی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لەسەر ئاستی ناحیەکان

| ناحیەکان | ٢٠١٣ | | | | ٢٠٢٣ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی هاوسەرگیری | ٪ | ژمارەی جیابونەوە | ٪ | ژمارەی هاوسەرگیری | ٪ | ژمارەی جیابونەوە | ٪ |
| ناحیەی سەنتەر (دوکان) | ٢٠٧ | ٤٥ | ٢٢ | ٣٦ | ١٩١ | ٤٥.٢ | ٢٦ | ٣٣.٣ |
| پیرەمەگرون | ٢٢٤ | ٤٨.٧ | ٢٨ | ٤٦ | ٢١٢ | ٥٠.٢ | ٣١ | ٣٩.٨ |
| بنگرد | ٧ | ١.٦ | ٣ | ٤.٩ | ٤ | ٠.٩ | ٥ | ٦.٤ |
| خەلەکان | ١١ | ٢.٣ | ٥ | ٨.٢ | ١١ | ٢.٧ | ١٣ | ١٦.٧ |
| سورداش | ٥ | ١ | ١ | ١.٦ | ١ | ٠.٢ | ---- | ---- |
| خدران | ٦ | ١.٤ | ٢ | ٣.٣ | ٤ | ٠.٩ | ٣ | ٣.٨ |
| کۆی گشتی | ٤٦٠ | ١٠٠ | ٦١ | ١٠٠ | ٤٢٣ | ١٠٠ | ٧٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە کاری توێژەر شت بەست بە:

١-وەزارەتی داد، دادگای بەرایی دوکان، بەشی باری کەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢-وەزارەتی داد، دادگای بەرایی پیرەمەگرون، بەشی باری کەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.




شێوەی (٣) دابەشبونی جوگرافی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوکان لەسەر ئاستی ناحیەکان

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(٣)

بەڵام لەساڵی (٢٠٢٣) ژمارەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت لەسەر ئاستی ناحیەکان بەجۆرێک لە ناحیەی سەنتەر(دوکان) ژمارەی جیابونەوە بەرز دەبێتەوە بۆ (٢٦)حاڵەت و ڕێژەی (٣٣.٣٪) و ژمارەی هاوسەرگیری دادەبەزێت بۆ (١٩١)حاڵەت و ڕێژەی (٤٥.١٪)، لەکاتێکدا کە پیرەمەگرون بەپلەی یەکەم دێت ژمارەی جیابونەوە بەرز دەبێتەوە بۆ (٣١) حاڵەت و ڕێژەی (٣٩.٨٪)، ژمارەی هاوسەرگیری دادەبەزێت بۆ (٢١٢) حاڵەت وڕێژەی (٥٠.١٪)، لە بنگرد ژمارەی جیابونەوە (٥)حاڵەت و ڕێژەی (٦.٤٪)، ژمارەی هاوسەرگیری (٤)حاڵەت و ڕێژەی (٠.٩٪)پێکهێناوە، هەر یەک لە ناحیەکانی (خەلەکان و سورداش و خدران) گۆڕانکاریەکی کەم لە نێوان ئەم دو ساڵە ڕویداوە، خشتەی (٣)، بەڵام ئەوەی جیاوازی گەورە بەدیدەکرێت لە گۆڕانکاری ژمارەی جیابونەوە و هاوسەرگیری لە ناحیەی سەنتەر و پیرەمەگرونە، شێوەی (٣)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لە ناحیەی سەنتەر و پیرەمەگرونن بەجۆرێک لە ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سەنتەر(١٤٧٤٧)کەس و ناحیەی پیرەمەگرون (٣٤٥٥٠)کەس بووە، لەلایەکی تریش بەرزی ڕێژەی جیابونەوە یان هاوسەرگیری لە ناحیەی سەنتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا بەشێکی زۆری دانیشتوانی قەزاکە نفوسیان لە ناحیەی سەنتەرە و گواستنەوەیان بۆ نەکردووە بۆ ناحیەکانی سورداش و خەلەکان و بنگرد و خدران، بەشێکی تریش لە ناحیەکانی بنگرد و خدران مامەڵەی هاوسەرگیری و جیابونەوەیان لە قەزای ڕانییە ئەنجام داوە بەهۆی نزیکیان لە ڕوی جوگرافیەوە

لە کاتێکدا جیاوازیەکی زۆر لە ژمارەی حاڵەتی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە سەر ئاستی قەزاکە بەدیدەکرێت، بە جۆرێک لەساڵی (٢٠١٣) ژمارەی جیابونەوە لە قەزاکە (٦١) بەرێژەی (١١.٧٪)، وە ژمارەی هاوسەرگیری(٤٦٠) بەرێژەی (٨٨.٣٪)بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٣) ژمارەی جیابونەوە بەرز بۆتەوە بۆ (٧٨) بەرێژەی (١٥.٧٪) حاڵەت و ژمارەی هاوسەرگیری کەم بۆتەوە بۆ (٤٢٣)و ڕێژەی (٨٤.٤٪)حاڵەت، هۆکاری کەمبونەوەی هاوسەرگیری لە قەزای دوکان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)بۆ سەرهەڵدانی داعش و هێرشەکانی لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٥)،دەگەڕێتەوە. دروستبونی کێشەی ئابوری خراپی گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان بەگشتی، لە دوای ساڵی ٢٠١٨ کۆچکردنی بە لێشاوی هاوڵاتیان و گەنج بەتایبەتی بە وڵاتانی ئەوروپا کە گەورەترین کێشەی بۆ دانیشتوانی قەزاکە دروست کرد لە دو لایەنەوە لایەنی یەکەم کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر گەنج ئەوانەی کاتی هاوسەرگیریان بوو، بەڵام کۆچکردن ڕێگەی نەدا هاوسەرگیری بکەن لەلایەکی تریش دوای ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆی هەرێمی کوردستان و فرۆشتنی نەوت حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی بڕی و کێشەی موچە و پاشەکەوتی موچە وکۆتایی هاتن بە پێشینەی هاوسەرگیری هۆکارێکی تر بوو، لایەنی دووەم ژمارەیەکی زۆر لەوانەی هاوسەرگیریان کردبو لە ڕەگەزی پیاو هاوسەرو منداڵەکانیان بەجێهێشت و هۆکار بو بۆ جیابونەوە، بەسەرنجدان بە شێوەی (٤)، ڕون دەبێتەوە کە جیاوازیەکە بەشێوەیەکی ڕون لە نێوان ناحیەی سەنتەر و پیرەمەگرون دەردەکەوێت، بە جۆریک لە ساڵی (٢٠٢٣)دا ژمارەی جیابونەوە روی لەبەرزبونەوە کردووە لەبەرامبەریش ژمارەی هاوسەرگیری ڕو لە کەمبونەوە دەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەردو ناحیەی سەنتەر زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە پێکدێنن، کە دەگاتە (٧٨.١٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە بۆیە جیاوازییەکە بەڕونی دەردەکەوێت.

## ٣-٣. دابەشبونی ژینگەیی دیاردەی جیابونەوە بەپێی (شار و گوند) لە قەزای دوکان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

مەبەست لەم دابەشبونە بریتیە لە پۆلێن کردنی دیاردەی جیابونەوە بەپێی ژینگەیی شارو گوند، لەبەرئەوەی شارەکان یان سەنتەری ناحیەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە ناوچەیەکی ژمارەی دانیشتوانیان زیاترە بەراورد بە گوندەکان بۆیە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش لە ناحیەکان زیاترن، ئەوەی ئاماژەمان پێداوە بە پشت بەست بە

خشـــتەی(٤) و شـــێوەی (٤)، جیاوازیەكی زۆر بەدیدەكرێت لە ژمارەی دیاردەی جیابونەوە لە نێوان شـــارو گوندەكانی قەزای دوكان هەروەک جیاوازیشـــە لە ڕوی ژمارەی دانیشـــتوان و داب ونەریت و لایەنی ڕۆشـــنبیری، وەک ئاماژەمان پێداوە ســـەرەتا قەزای دوكان لە (٦) ناحیە پێكهاتوە كە (٢٢٣)گوند، لەكاتێكدا ژمارەی گوندەكانی ناحیەی ســـەنتەر (٤٥)گوندە، خدران (٢٣) گوندە، خەلەكان (١٧) گوند و پیرەمەگرون (٤٧) گوند، سورداش (٣٦)گوند و بنگرد (٥٥) گوند،

دابەشـــبونی دیاردەی جیابونەوە لە قەزای دوكان جیاوازیەكی زۆری هەیە، بە پێی ژینگەی شـــارو گوند ئەم جیاوازیەش بەشـــێوەیەكی بەرچاو لە هەردو ناحیەی ســـەنتەر(دوكان) و پیرەمەگرون بەدی دەكرێت، دەركەوتنی ئەم جیاوازیەش لەم دو ناحیە دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی دانیشـــتوان، بەڵام دەتوانین بەشـــێوەیەكی گشـــتی باسی دیاردەكە بكەین بەپێی ژینگەیی بەمشـــێوەیە، لە ســـاڵی (٢٠١٣) ژمارەی ســـەرجەم دیاردەی جیابونەوە لە قەزای دوكان بریتی بووە لە (٦١) دیاردە كە (٤٦) حـالەتی جیابونەوە لە ســـەنتەری ناحیەكان تۆماركراون، (١٥) حالەت لە گوندەكان تۆماركراوە، كە ناحییەی ســـەنتەر(دوكان) حاڵەتی جیابونەوە (١٥) حاڵەت بووە، لە گوندەكانی سەر بە ناحیەی سەنتەر (٧)حاڵەت بووە، ناحیەی پیرەمەگرون زۆرترین حاڵەتی تێدا تۆمـاركراوە كە (٢٣)حـالەت بووە لە ناوەنـدی ناحیە، (٥)حـاڵەت لە گونـدەكان تۆماركراون، لە ناحیەكانی تر جیاوزیەكی كەم لە حاڵەتی جیابونەوە ، لە نێوان ژینگەی شار و گوند بەپێی ژمارەی دانیشتوان هەیە ، خشتەی (٤)، شێوەی (٤).

خشتەی (٤)

دابەشبونی ژینگەیي دیاردەی جیابونەوە بەپێی (شار و گوند) لە قەزای دوكان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)


| یەكە كارگێڕیەكان | ٢٠١٣ شارنشین | گوندنشین | كـــۆی گشتی | ٢٠٢٣ شارنشین | گوندنشین | كـــۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناحـــیەی سەنتەر | ١٥ | ٧ | ٢٢ | ١٨ | ٨ | ٢٦ |
| پیرەمەگرون | ٢٣ | ٥ | ٢٨ | ٢٧ | ٤ | ٣١ |
| سورداش | ١ | ---- | ١ | ---- | ---- | ---- |
| بنگرد | ٢ | ١ | ٣ | ٣ | ٢ | ٥ |
| خدران | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ١ | ٣ |
| خەلەكان | ٤ | ١ | ٥ | ٩ | ٤ | ١٣ |
| كۆی گشتی | ٤٦ | ١٥ | ٦١ | ٥٩ | ١٩ | ٧٨ |

سەرچاوە

١-وەزارەتی داد، دادگای بەرایي دوكان، بەشی باری كەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بلاونەكراوە، ٢٠٢٣.

٢-وەزارەتی داد، دادگای بەرایي پیرەمەگرون، بەشی باری كەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بلاونەكراوە، ٢٠٢٣.

بەڵام هەرچی دیاردەی جیابونەوەیە لە قەزای دوكان بۆ ســـاڵی (٢٠٢٣) ژمارەكە زیادیكردووە بۆ (٧٨) دیاردە، كۆی دیاردەی جیابونەوە بە پێی ناوەندی ناحیەكان (٥٩) حاڵەت و گوندەكان(١٩) حاڵەت بووە بەمشـــێوەیە، ناحیەی ســـەنتەر(١٨) حاڵەت و گوندەكانی ســـەر بە ناحیەی ســـەنتەر(٨) حاڵەت، ســـەنتەری ناحیەی پیرەمەگرون(٢٧) حـالەت و گونـدەكان (٤) حـاڵەت، ناحیەكانی تر كە ژمـارەیەكی كەمیـان پێكهێنـاوە لە ڕێژەی جیـابونەوە بەپێی ژمـارەی دانیشـــتوانی دەگۆڕێت، خشـتەی(٤)، شـێوەی (٥)، هۆكاری بەرزی ژمارەی حاڵەتی جیابونەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشـــتوان لە ســـەنتەری ناحیەكان بەرزە بە جۆرێک لە ســـاڵی (٢٠١٣) ژمارەی دانیشـتوانی شارنشین لە قەزای دوكان (٣٦٠٠٠) لە كۆی گشـتی ژمارەی دانیشـــتوانی قەزاكە كە ژمارەكە (٥٤٧٢٩)كەس بووە، لەســـاڵی (٢٠٢٣) ژمارەی شـــارنشـــین دەگاتە (٣٨٣٣٧)كەس لە كۆی گشـــتی ژمارەی دانیشـــتوانی قەزاكە (٦٢٧٢٢)كەس بووە، واتە (٢٤٣٨٥)كەس گوند نشین بون، جگە لەوەی كێشـــە كۆمەڵایەتیەكان لە ناوەندی ناحیەكان بەربڵاو ترن بەهۆی فرە نەریتی و فرەیی دانیشتوان.




شێوەی (٤) دابەشبونی ژینگەیي دیاردەی جیابونەوە بەپێی (شار و گوند) لە قەزای دوكان لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

كاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(٤)

## ٤-تێكڕای گەشەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای دوكان بەپێی یەكە كارگێڕیەكانی قەزای دوكان بۆ ساڵی(٢٠١٣-٢٠٢٣):

وەک ئاشـكرایە سـاڵانە لە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ژمارەی دانیشـتوان بەردەوام لە زیاد بوندایە ئەم زیادبونەش لە ژمارەی دانیشـتوان تێكڕای هاوسـەرگیری بەرز دەكاتەوە بۆ بەردەوام بون لە ژیان، لە ئەنجامی زۆربونی ژمارەی هاوسەرگیری ژمارەی دانیشتوان ژمارەی هاوسەرگیری و پاشان جیابونەوەش زیاد دەكات واتە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژمارەی هاوســـەرگیری و ژمارەی جیابونەوە هەیە ، لێرەدا بەگرنگی دەزانین كە تێكڕای گەشەی هاوسەرگیری وجیابونەوە لەناوچەی توێژینەوە باس بكەین بە پێی یەكە كارگێڕیەكانی قەزای دوكان، خشتەی (٥) و شێوەی (٥)

سەبارەت بە دەرهێنانی گەشـەی هاوسـەرگیری و جیابونەوە پشـتمان بەم هاوكێشـەیەی خوارەوە بەستوە:(السعدی، ٢٠٠١: ١٣٨).

$$r = \left( \sqrt[n]{\frac{P1}{Po}} - 1 \right) \times 100$$

خشتەی(٥)


تێکڕای گەشەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە
لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

| | هاوسەرگیری | | | جیابونەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکە کارگێڕیەکان | ٢٠١٣ | ٢٠٢٣ | تێکرای گەشە٪ | ٢٠١٣ | ٢٠٢٣ | تێکڕای گەشە٪ |
| ناحیەی سەنتەر | ٢٠٧ | ١٩١ | -٨ | ٢٢ | ٢٦ | ١.٧ |
| پیرەمەگرون | ٢٢٤ | ٢١٢ | -٦ | ٢٨ | ٣١ | ١ |
| بنکرد | ٧ | ٤ | -٥.٦ | ٣ | ٥ | ٥.١ |
| خەلەکان | ١١ | ١١ | ٠ | ٥ | ١٣ | ٩.٦ |
| سورداش | ٥ | ١ | -١٦.١ | ١ | ---- | ---- |
| خدران | ٦ | ٤ | -٨.١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٤٦٠ | ٤٢٣ | -٠.٩ | ٦١ | ٧٨ | ٢.٨ |

سەرچاوە:

١-وەزارەتی داد، دادگای بەرایي دوکان، بەشی باری کەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢-وەزارەتی داد، دادگای بەرایي پیرەمەگرون، بەشی باری کەسێتی(جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.




شێوەی(٥) تێکڕای گەشەی دیاردەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠١٣-٢٠٢٣)

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٥)

ئەوەشی تایبەتە بە گەشەی ساڵانەی جیابونەوە و هاوسەرگیری لە ناوچەی توێژینەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەستمان کەوتون دۆخی هاوسەرگیری لە ناوچەکە لە مەترسی دایە بە جۆرێک دیاردەی جیابونەوە لەسەرجەم یەکە کارگێڕیەکانی قەزای دوکان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣) بە سالبی دەست نیشان کراوە واتە لە ناحیەی سەنتەر گەشەی جیابونەوە (١.٧٪)ە، لە پیرەمەگرون (١٪)، لە بنگرد(٥.١٪) و خەلەکان(٩.٦٪)و خدران (٤) تێکرای گشتی گەشەی جیابونەوە لەم ماوەیەدا بریتیە (٢.٥٪) ئەم ڕێژەیەش زۆرە مەترسیەکی گەورەیە لە سەرپرۆسەی هاوسەرگیری و هۆکارەکەشی کۆمەڵێک کێشەن کە دواتر ئاماژەیان پێدەدەین، لەبەرامبەریش لەم ماوەیدا هاوسەرگیری تێکرای گەشە لە ناحیەکانی قەزای دوکان بە سالبی دەرچووە وەکۆی گشتی گەشەی هاوسەرگیری لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٣) بریتیە لە (-٠.٩٪) ئەمەش ئاماژەیە بۆ مەترسی کەمبونەوەی هاوسەرگیری لەم ساڵانەی دواییدا کە هەر یەک لە کێشەی ئابوری و کۆچکردنی گەنجان بۆ وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی کوڕان هۆکاری یەکەمن بۆ کەمبونەوەی هاوسەرگیری.

## ٥.گرنگترین هۆکارەکانی جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٣

هۆکارەکانی جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە زۆرن، بەڵام لێرەدا گرنگترین هۆکارەکان باس دەکەین بە پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی لەگەڵ ئەوانەی کە جیابونەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە قەزای دوکان کە لە کۆی (٧٨) دیاردەی جیابونەوە وەڵامی (٣٨)کەسمان وەرگرتوە لەم ڕێژەیەشدا لەسەر ئاستی ناحیەکان ناحیەی سەنتەر(دوکان) (١٤)کەس وەڵامی داوەتەوە، پیرەمەگرون(١٩) وەڵام، بنگرد(٢) وەڵام و خەلەکان (٢) وەڵام و خدران (١) و سورداش هیچ کەسێک وەڵامی نەداوەتەوە:

### ٥-١.هۆکاری کۆمەڵایەتی:

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لە کۆمەڵگاکەمان کاراترین هۆکارن کە کاریگەریی لەسەر دیاردەی جیابونەوە هەیە، لەم خاڵانە گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەخەینە ڕو:

**٥-١-١. هاوسەرگیری زۆرە ملێ:** بریتیە لەو پرۆسەیەی کە یەکێک لە هاوسەرەکان بەزۆر ڕازی دەکەن بۆ هاوسەرگیری زۆربەی جار ئافرەتان دەبنە قوربانی لە جیاتی (خوێن) یان بەزۆری دایک و باوک و برا دەدرێت بە کوڕێک کە خۆیان بەرژەوەندیان لەم پرۆسەیە هەیە ، یان زۆر جار لە بری ئافرەتێکی تر دراوە کە (گەورە بە بچوک)ی پێدەڵێن یان زۆربەی کات کەس و کاری کچ حەز دەکەن کچەکەیان هاوسەرگیری لەگەڵ خزم بکات، زۆربەی ئەم هاوسەرگیریە بە هۆی نەبونی ئاسودەیی و خۆشەویستی کێشەیان بۆ دروست دەبێت هاوسەرەکان وەک پێویست ناتوانن ژیان بەنەسەر بۆیە ڕوبەڕوی کێشە دەبنەوە لە ئەنجامدا کێشەکان تەشەنە دەکەن و لە کۆتایی سەردەکێشێت بۆ جیابونەوە،(المشیحص: ٢٠٠٥، ل١٠٦).

ناوچەی توێژینەوە بە هۆی کاریگەریی لایەنی کۆمەڵایەتی تا ئێستاش ئەم حاڵەتەی تێدا ماوە بە تایبەتی هۆکاری ئارەزو کردنی هاوسەرگیری لەگەڵ خزم هۆکارێکی بەهێزە، خشتەی(٦)، شێوەی(٦)، لە کۆی (٣٨) وەڵامی فۆرمی ڕاپرسی کە ئەنجامدراوە لە ناحیەی سەنتەر ڕازی نیم بەهیچ جۆرێک لە (٢٨.٥٪) و ڕازی نیم (٥٠٪) وبێ لایەنم لە (٥٣.٣)، لە (٢٨.٨٪) ی ڕازیم بەوەی کە هۆکاری جیابونەوەیان بریتیە لە هاوسەرگیری زۆرە ملێ، ئەمە لە کاتێکدا لەڕوی وەڵامی فۆرمی ڕاپرسی ناحیەی پیرەمەگرون بەپلەی یەکەم دێت و ڕازی نیم بەهیچ جۆرێک (٥٧.١٪)، ڕازی نیم (٥٠٪)، بێ لایەنم (٤٠٪)، ڕازیم(٤٢.٨٪) ی وەڵامەکانی پێکهێناوە بەڵام ئەوانەی کە زۆر ڕازیم یان هەڵبژاردووە ڕێژەکەی (٨٠٪)بووە، لە ناحیەی بنگرد تەنها دو وەڵام دراوەتەوە کە (١٤.٤٪)ی ڕازی نیم بەهیچ جۆرێک


واتە هۆکاری کۆمەڵایەتی زۆرە ملێ هێچ کاریگەریی نەبووە لەســـەر جیابونەوە، لە (١٤.٢٪) ئەوانەن کە پێیان وایە هۆکاری کۆمەڵاتی هاوسەرگیری زۆرە ملێ کاریگەریی لە ســەر جیابونەوە هەبوە ، هەرچی ناحیەی خەڵەکانە تەنها وەڵامەکان کە رازیم بریتیە لە (١٤.٢٪) واتە کاریگەریی لەســـەر جیابونەوە هەبوە ، لە (٢٠٪) ئەوانە بون کە ڕاستەوخۆ هۆکاری هاوسەرگیری زۆرە ملێ کاریگەریی لە سەر جیابونەوە هەبوە ، لە ناحیەی ســـورداش هیچ وەڵامێک نەبووە، ناحیەی خدران لە (٦.٧٪)ی وەڵامەکان ئەوان بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە.

خشتەی (٦)

دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(هاوسەرگیری زۆرەملێ) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| یەکە کارگێڕیەکان | ڕازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | ڕازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | ڕازیم ٪ | زۆر ڕازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٢٨.٥ | ٥٠ | ٥٣.٣ | ٢٨.٨ | ٠ |
| پیرەمەگرون | ٥٧.١ | ٥٠ | ٤٠ | ٤٢.٨ | ٨٠ |
| بنگرد | ١٤.٤ | ٠ | ٠ | ١٤.٢ | ٠ |
| خەڵەکان | ٠ | ٠ | ٠ | ١٤.٢ | ٢٠ |
| سورداش | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| خدران | ٠ | ٠ | ٦.٧ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی




شێوەی (٦) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی جیابونەوە(هاوسەرگیری زۆرەملێ) لەقەزای دوکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بە خشتەی (٦)


**٥-١-٢.هـاوســـەرگیری بچوک(پێش وەختە):** هـاوســـەرگیری پێش وەختە ئەو هاوسەرگیریە دەگرێتەوە، کە تەمەنی هاوسەرەکان پێش تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری کردنە بەهەر ڕێگایەک بێت هاوســـەرگیری دەکەن، بەڵام بەهۆی بچوکی تەمەنیان توانای چارەسەرکردن و ئارام گرتنیان بۆ کێشەکان نییە، بۆیە زۆربەی کات کێشەکانیان زۆر دەبێت ســـەرئەنجام ســـەردەکێشـــێت بۆ جیابونەوە، لەبەرئەوەی ســـەرەتای هاوســەرگیری سەرەتایەکی زۆر تایبەتە گەر هاوسـەران نەتوانن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ یەکتر بکەن ســەرئەنجامێکی خراپ بەدوای خۆیدا دێنێت، زۆربەی کاتیش ئەم جۆرە هاوسەرگیریە پەشیمانی بەدواوەیە لەبەر ئەوەی ئەم دو هاوسەرە زۆر جار هیچ ئەزمونێکی ژیانیان نییە و کاری سەربەخۆ و ئابوری سەربەخۆیان نییە خاوەنی شوێنی نیشـــتەجێبونی ســـەربەخۆ نین، توانای هەڵگرتنی بەرپرســـیارێتیان کەمە لە ئاســـت داواکاری منداڵ و میوان و خزم بۆیە زۆربەی جار وا دەکات بە جیابونەوە کۆتایی بەکێشـەکان دێت(السـبعاوی:٢٠٢٣، ص٤)، لە ناوچەی توێژینەوە هاوسـەرگیری بچوک بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت بۆیە لە کاتی سەردانی مەیدانی لێدوانی دادوەری دادگای بەرایی پیرەمەگرون وتیان' کە هۆکاری لێک تێنەگەیشـــتن و نەگونجان و نەتوانینی هەڵگرتنی بەرپرســـیارێتی بەشـــێوەیەکی بەرچاو بەتایبەتی ئەوانەی کە تەمەنی هاوســـەرگیریان بچوکە دوای (٤- ٥) مانگ لە نوسـینی گرێبەســـتی هاوســـەرگیری دوبارە ســـەردانی دادگا دەکەنەوە بۆ تۆمارکردنی ســـکاڵای جیابونەوە و نەگونجان بەیەکەوە کە هۆکاری یەکەم لەم کاتەدا بریتیە لە هاوسەرگیری پێشوەختە نەگەیشتن بە تەمەنی تێگەیشـــتن لە مانای هاوســـەرگیری(محمد:٢٠٢٤، ل٤٥)، بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ئاسانی دروستکردنی پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان و نەبونی هیچ بەربەســتێک وایکردووە ئەم هۆکارە لەناوچەی توێژینەوە پەرە بسـتێنێت بە جۆرێک بوەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر جـار پێش تەمەنی (١٨)ســـاڵی کوڕ داوای هاوســەرگیری کردووە هەندێکجاریش بوەتە هۆکارێک بۆ دروســت بوونی کێشــەی کۆمەڵایەتی.

خشتەی (٧)

دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(هاوسەرگیری بچوک) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | ڕازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | ڕازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | ڕازیم ٪ | زۆر ڕازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٢٠ | ٥٠ | ٥٠ | ٤٠ | ٣٣.٥ |
| پیرەمەگرون | ٦٠ | ٥٠ | ١٦.٦ | ٦٠ | ٥٥.٥ |
| بنگرد | ---- | ---- | ١٦.٦ | ---- | ٥.٥ |
| خەڵەکان | ٢٠ | ---- | ---- | ---- | ٥.٥ |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ١٦.٦ | ---- | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.




شێوەی (٧) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(هاوسەرگیری بچوک) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە؛کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٧)

بە سەرنجدان لە خشتەی (٧) شێوەی(٧) دەردەکەوێت کە لەناحیەی سەنتەر(دوکان) ڕێژەی (٤٠٪)ی ئەوانەی جیابونەوە (رازیم) یان هەڵبژاردووە بەوەی کە هۆکاری جیابونەوەیان هاوسەرگیری بچوکە، (٣٣.٥٪) ئەوانەن کە (زۆر رازیم) واتە هۆکاری سەرەکی جیابونەوەیان هاوسەرگیری بچوکە، لە ناحیەی پیرەمەگرون کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تێدایە (٦٠٪)ی ئەوانەن کە (رازیم)یان هەڵبژاردووە کە ئەوە دەگەیەنێت هاوسەرگیری بچوک هۆکاری جیابونەوەیان بووە، (٥٥.٥٪)ی ئەوانەن کە پێیانوایە هۆکاری سەرەکی جیابونەوەیان هاوسەرگیری بچوکە، بۆ هەریەک لە ناحیەکانی خەلەکان و بنگرد (٥.٥٪)ی ئەوانەی کە زۆر رازین لە وەڵامەکانیان بەوەی کە هۆکاری سەرەکی جیابونەوەیان بریتی بووە لە هاوسەرگیری بچوک.

**٥-١-٣.فرە ژنی :** هاوسەرگیری کردنی دووەم و پەیوەست بونی پیاو پێوەی واز هێنان لە هاوسەری یەکەم و پشتگوێ خستنی هاوسەری یەکەم لە لایەن پیاوەوە جێبەجێ نەکردنی داواکاری ماددی هاوسەری یەکەم دورکەوتنەوە لێی و نەکێشانی ئەرکی باوکایەتی بۆ منداڵەکانی لە هاوسەری یەکەم وایکردووە کە زۆربەی جار کۆتایی ئەم هاوسەرگیری دووەمە بە جیابونەوەی پیاو لە هاوسەری یەکەم کۆتایی بێت،(الثاقب: ١٩٩٦،ص٥٧)، لەکاتێکدا لە ناوچەی توێژینەوە زۆرینەی دانیشتوان موسڵمانن کە دەگاتە ڕێژەی (٩٩٪) ی دانیشتوان ئەوەی تریش دەمێنێتەوە بریتین لە مەسیحی و یەزیدی کە ڕێژەی (١٪)ی دانیشتوانە، گومان لەوەش دانییە کە ئیسلام هانی موسڵمانان دەدات بۆ فرە ژنی بەڵام بەداخەوە وەرگرتنی تەنها بەشێک لە ڕواڵەتی فەرمایشتی خوای گەورە واز هێنان لە بەشەکەی تر کە مەرجی داناوە گەر کەسێک نەتوانێت دادوەر بێت چ لە ڕوی جەستەییەوە یان لە روی ماددییەوە نابێت زیاد لە یەک هاوسەری هەبێت، وایکردووە ئەم دیاردەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە نەک هاندەرێکی ئایینی و پەیوەست بون بەئاینەوە، لەکاتی وەڵامەکانی دانیشتوان ئەوانەی جیابونەوە وەڵامەکانیان بەشێکی هۆکاری ژنی دووەم یان زیاتر بووە وەک لە خشتەی (٨)، شێوەی (٨) ڕونکراوەتەوە،


تەنها لە ناحیەی سەنتەر (دوکان) ئەوەی کە وەڵامەکەی بە (رازیم) (٣٥.٨٪) بووە ئەوانەشی وەڵامەکانیان (زۆر رازیم) (٢٨.٥٪) بووە، لەکاتێکدا لە ناحیەی پیرەمەگرون ئەوانەی کە (رازین) بەوەی هۆکاری فرە ژنی بەشێک بووە لە هۆکاری جیابونەوە دەگاتە (٥٠٪)ی وەڵامەکان ئەوانەشی کە (زۆر رازین) واتە پێیانوایە هۆکاری سەرەکی جیابونەوە فرە ژنی بووە دەگاتە (٤٢.٨٪)ی وەڵامەکان، لەکاتێکدا لە بنگرد وەڵامی (رازیم)(٧.١٪) و (زۆر رازیم)(١٤.٣)، لە ناحیەی خەلەکان ئەوانەی زۆر رازین بەوەی کە هۆکاری سەرەکی جیابونەوە فرە ژنی بووە (١٤.٣٪) ی وەڵامەکان بووە، کەواتە بەشێوەیەکی بەرچاو فرە ژنی لە ناوچەی توێژینەوە بە پێی وەڵامی فۆرمی ڕاپرسی کاریگەری هەبووە لەسەر جیابونەوە.

خشتەی (٨)

دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(فرە ژنی) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | رازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | رازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | رازیم ٪ | زۆر رازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٤٤.٤ | ٤٢.٨ | ---- | ٣٥.٨ | ٢٨.٥ |
| پیرەمەگرون | ٥٥.٦ | ٤٢.٨ | ١٠٠ | ٥٠ | ٤٢.٨ |
| بنگرد | ---- | ---- | ---- | ٧.١ | ١٤.٣ |
| خەلەکان | ---- | ١٤.٤ | ---- | ---- | ١٤.٣ |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ٧.١ | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی




شێوەی (٨) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(فرە ژنی) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٨)

**٥-١-٤.کارکردنی هاوسەر(ژن):** یەکێکی تر لە هۆکارەکانی جیابونەوە بریتیە لە کارکردنی ژن لە دەرەوە لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە پیاوان ئارەزوی کارکردنی خێزانەکانیان ناکەن لە دەرەوەی ماڵ چونکە وای دەبینن کە هاوسەرەکانیان پێویستە لە ماڵدا هەوڵی پەروەردە و خزمەتکردنی منداڵەکانیان بدەن، وە جێهێشتنی ماڵ ڕۆژانە بۆ چەند کاتژمێرێک لە لایەن ئافرەتەوە هۆکارێکە کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ و زیادبونی کێشەکانی خێزان هەیە، بەتایبەتی لە شارۆچکە و ناحیەکان، لەبەر نەبونی ناوەندێک بۆ فێرکردن و گرتنە خۆی منداڵان لە کاتی ئەرکی

دایکاندا لە دەرەوە ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریش دروست بونی گومان و تێڕوانینی خراپی پیاوان بەرامبەر ئافرەتان هۆکارێکی ترە وادەکات کێشە خێزانیەکان زۆر بن و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp421-437

دواتر سەردەكێشێت بۆ جیابونەوە، (الدوری: ٢٠٢٠، ص٥٤١)، لە ناوچەی توێژینەوە كێشەی ئابوری وەک هۆكارێک وایكردووە لەم ساڵانەی دوایی كاركردنی ئافرەتان بێتە دیاردە شان بە شانی پیاوان لە ناو بازار و مۆڵ و ماركێتەكان كاردەكەن ئەمیش كەم و زۆر كاریگەری لە سەر جیابونەوە هەبووە ،بەسەرنجدان لە خشتەی(٩)، شێوەی (٩) هۆكاری كاركردنی خێزانەكان هۆكارێكی كارایە كاریگەری لەسەر جیابونەوە هەیە لە ناحیەی سەنتەر (١٤.٣٪)ی وەڵامەكان (ڕازیم) واتە وەک هۆكارێک كاریگەری هەبوە لەسەر جیابونەوە، ئەوانەی (زۆر ڕازیم)(٣٧.٥٪)وەک هۆكارێكی كاریگەر كاركردنی ژن هۆكار بووە بۆ جیا بونەوەی نێوانیان، لە ناحیەی پیرەمەگرون (٤٣.١٪)ی ئەوانەی (ڕازین)بەوەی كە وەک یەكێک لە هۆكارەكانی جیابونەوەن (زۆر ڕازیم )(٥٦.٢٪)ی وەک هۆكارێكی زۆر كارای دەبینن كە كاریگەری لەسەر جیابونەوە هەبوە ، هەریەک لە ناحیەكانی (خەلەكان و بنگرد) (ڕازیم) (١٤.٣٪) بون، بنگرد (زۆر ڕازیم)(٦.٣٪)ی وەڵامەكان بووە، كەواتە لێرەوە دەردەكەوێت كە كاركردنی ژنان بەهۆكاری دۆخی ئابوری خێزانەكان و ڕوبەڕوبونەوەی ناوچەكە بەقەیرانی ئابوری و قورسی ژیان و گوزەرانیان لە دەرەوە هۆكارێكی بەهێزە لە ناوچەی توێژینەوە كە كاریگەری لەسەر جیابونەوە هەبوە.


**٥-١-٥.خیانەتی هاوســەرگیری:** ناپاكی هاوســەرگیری بەیەكێک لە هۆكارەكارە هەرە كاریگەرەكان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دادەنرێت، ئەویش بەهۆی ئاسـانی دروسـتكردنی پەیوەندی بەهۆكاری هۆكارەكانی بەیەک گەیشـتن و نەبونی هیچ بەربەسـت و ڕێنمایی بۆ بەكار هێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و سۆشـیال میدیا كە دەبێتە هۆكارێک بۆ دروست بونی پەیوەندی نادروسـت دواتریش بڵاو كردنەوەی وێنەو ڤیدیۆی نەشـیاوی یەكتر هۆكارێكە كە ڕێژەی جیابونەوەی بەرز كردۆتەوە(كریم،یاسین: ٢٠٢٢، ص٣٥٠)، لە ناوچەی توێژینەوە ئاسـانی دەسـت خسـتنی تۆری ئینتەرنێت و هۆكارەكانی پەیوەندی وبەیەک گەیشــتن وایكردووە ئەم دیاردەیە ڕو لە زیادبون بكات لە ماوەی ســاڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٣دا ئەمــەش وایكردووە لە ناوچەكەدا جگە لە كاریگەری لەســەر جیابونەوە بەهەمان شێوە كاریگەری لەسەر كەمكردنەوەی هاوسەرگیریش هەبێت.

خشتەی (٩)

دابەشبونی جوگرافی هۆكاری كۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(كاركردنی ژن) لە قەزای دوكان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەكە كارگێرییەكان | ڕازی نیم بەهــــیـــچ جۆرێک ٪ | ڕازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | ڕازیم ٪ | زۆر ڕازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوكان) | ٦٦.٦ | ٥٠ | ٣٧.٥ | ١٤.٣ | ٣٧.٥ |
| پیرەمەگرون | ٣٣.٤ | ٥٠ | ٥٠ | ٤٣.١ | ٥٦.٢ |
| بنگرد | ---- | ---- | ---- | ١٤.٣ | ٦.٣ |
| خەلەكان | ---- | ---- | ١٢.٥ | ١٤.٣ | ---- |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.




شێوەی (٩) دابەشبونی جوگرافی هۆكاری كۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(كاركردنی ژن) لە قەزای دوكان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(٩)

لە قەزای دوكان هۆكاری خیانەتی هاوسەرگیری هۆكارێكی كاریگەرە بە پێی وەلامەكانی فۆرمی ڕاپرسی بێت لە ناچەكە لە ناحیەی سەنتەر(دوكان) ئەوانەی كە (ڕازیم) یان هەڵبژاردووە ڕێژەكەی دەگاتە (٤٥٪)ی وەڵامەكان واتە ئەم ڕێژەیە كاریگەری خیانەتی هاوسەرگیریڤلەسەر جیابونەوەیان هەبووە، (٣٨.٣٪)ی وەڵامەكان (زۆر ڕازیم) واتە هۆكاری سەرەكی جیابونەوە بریتیە لە خیانەتی هاوسەرگیری، لە ناحیەی پیرەمەگرون كە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی قەزاكەی تێدایە ئەوانەی كە (ڕازیم)یان هەڵبژاردووە ڕێژەكەی دەگاتە (٣٦٪) كۆی وەڵامەكان و (٥٥.٨٪)وەڵامەكان (زۆر ڕازیم) بەوەی كە هۆكاری كۆمەڵایەتی خیانەتی هاوسەرگیری هۆكاری یەكەمە كە كاریگەری لەسەر جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە هەیە ، ئەمە لە كاتێكدایە كە لە ناحیەی بنگرد(٥.٩٪)وەڵامەكان (زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە، لە هەر یەک لە ناحیەكانی بنگرد و خدران(٩.٥٪) بۆ هەریەكەیان كە (ڕازیم) بەوەی خیانەتی هاوسەری هۆكارێک بووە بۆ جیابونەوە، خشتەی(١٠)، شێوەی (١٠).


خشتەی (١٠)

دابەشبونی جوگرافی هۆكاری كۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(خیانەتی هاوسەرگیری) لە قەزای دوكان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەكە كارگێرییەكان | ڕازی نـــیم بەهــــیـــچ جۆرێک ٪ | ڕازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | ڕازیم ٪ | زۆر ڕازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحـــــــیەی سەنتەر(دوكان) | ٦٦.٧ | ---- | ٥٠ | ٤٥ | ٣٨.٣ |
| پیرەمەگرون | ٣٣.٣ | ١٠٠ | ٢٥ | ٣٦ | ٥٥.٨ |
| بنگرد | ---- | ---- | ---- | ٩.٥ | ٥.٩ |
| خەلەكان | ---- | ---- | ٢٥ | ---- | ---- |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ٩.٥ | ---- |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp421-437




شێوەی (١٠) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ جیابونەوە(خیانەتی هاوسەرگیری) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١٠)

**٥ -٢. هۆکاری ئابوری:**


هۆکاری ئابوری لە دوای هۆکاری کۆمەڵایەتی بەهۆکارێکی کارا دادەنرێت کاریگەری هەیە :

**٥-٢-١.کەمی داهاتی خێزان:** پێویســـتی دارایی یان کەمی داهاتی خێزان یەکێکە لە گەورەترین هۆکارە ئابوریەکان کە کاریگەری گەورەی لەســـەر جیابوونەوە لە ناوچەی توێژینەوە هەیە ، لەبەر ئەوەی پرۆســەی هاوســەرگیری جیاوازە لە پرۆســەکانی تر بەردەوام خێزان پێویستی بە ئابوری سەربەخۆی خۆیەتی بۆ ئەوەی پێداویستی خۆیی و مـاڵ و منـداڵ دابین بکات لەگەڵ ئەوەش کاتێـک کوڕ یان کچ دەچێتە قۆناغی هاوسـەرێتی پێویسـتی بۆ میوان زیاد دەکات ئەمەش پێویسـتی بە ئابوریەکی سـەربەخۆ هەیە، بۆیە ئەم هۆکارە لەسـەرەتای قۆناغی هاوسـەرێتی زۆر جار کێشـە بۆ خێزانەکان دروست دەکات ئەم کێشـانە گەورە دەبن هێندەی دروست بونی کێشـە ئابوریەکە و پاشـــان ســـەردەکێشـــێت بەرەو جیابوونەوە (منهل: ٢٠٢٠، ص٤٧٩)، لەناوچەی توێژینەوە وەک لە فۆرمی ڕاپرسـیدا هاتووە بەهۆی دروسـت بوونی قەیرانی دارایی لە ناوچەکە و هەرێمی کورسـتان و دروسـت بونی کێشـەی ئابوری خێزانەکان وایکردووە کێشـــەی خێزانەکان زۆر زیادیکردووە بەجۆرێک ژمارەی جیابونەوە لەبەر هۆکاری ئابوری لەم ســـاڵانەی دواییدا زیادیکردووە، خشـــتەی(١١)، شـــێوەی (١١)، لە ناوچەی توێژینەوە کەمی داهاتی خێزان و بەتایبەتیش دروســـت بونی قەیرانی ئابوری لە ناوچەی توێژینەوەکە ماوەی نێوان ســـاڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٣ بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت، کە کاریگەری لەســـەر جیابونەوە هەبوە بە جۆرێک بەپێی وەڵامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە بۆ هاوڵاتیانی قەزاکە کراوە، لە ناحیەی سـەنتەر ڕێژەی ئەوانەی کە (ڕازیم)یان هەڵبژاردووە (٣٣٪) ئەوانەی کە پێیان وابووە هۆکاری کەمی داهـاتی خێزان هۆکارێـک بووە بۆ جیـابونەوەیان، (٣٨.٤٪)ی (زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە واتە هۆکاری کەمی داهاتی خێزان هۆکارێکی سـەرەکی بووە کە کاریگەری لە ســـەر جیـابونەوە هەبوە ، لە ناحیەی پیرەمەگرون ئەوانەی کە (ڕازیم) یان هەڵـبژاردووە ڕێـژەکەی دەگـاتە(٦٧٪) و ئەوانەشی (زۆر ڕازیم)یان هەڵـبژاردووە ڕێژەکەی دەگاتە (٥٣.٨٪) کە پێیان وابووە هۆکاری کەمی داهاتی خێزان کاریگەری ڕاســتەوخۆی لەســەر جیابونەوەیان هەبووە ، هەر یەک لە ناحیە بنگرد ئەوانەی کە (ڕازیم)یان هەڵبژاردووە بۆ هەریەکەیان ڕێژەکە دەگاتە(٣.٩٪)ی وەڵامەکان کە پێیانوایە هۆکاری کەمی داهاتی خێزان یەکێکە لە هۆکارەکانی جیابونەوە.

خشتەی (١١) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری ئابوری بۆ جیابونەوە(کەمی داهاتی خێزان) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | ڕازی نـیم بەهـــیـــچ جۆرێک ٪ | ڕازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | ڕازیم ٪ | زۆر ڕازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحـــــــیەی سەنتەر(دوکان) | ٤٠ | ٥٠ | ---- | ٣٣ | ٣٨.٤ |
| پیرەمەگرون | ٤٠ | ---- | ٥٠ | ٦٧ | ٥٣.٨ |
| بنگرد | ---- | ٥٠ | ---- | ---- | ٣.٩ |
| خەلەکان | ٢٠ | ---- | ٥٠ | ---- | ---- |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.




شێوەی (١١) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری ئابوری بۆ جیابونەوە(کەمی داهاتی خێزان) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١١).

**٥-٢-٢.ڕەزیلی پیاو لە دابین کردنی پێویستیەکانی خێزان:** ڕەزیلی بە یەکێک لە هۆکارە ئابوریەکان دادەنرێت کە کاریگەری لە ســەر دروســت بونی کێشــەکانی خێزان هەیە بەتایبەتی دوای توش بونی خێزان بە نەخۆشی کە پێویستی لایەنی ماددی زیاد دەکات زۆر جار پیاوان تێچوی خێزانەکانیان لە کاتی نەخۆش کەوتنیان یان توش بونیان بە کێشــەیەک ناکێشـــن یان ئەو خەرجی ڕۆژانەی خێزان کە هەر خێزانێک ڕۆژانە پێویســـتی بەداهات هەیە تا خەرجی بکات بۆ خواردن یان کڕینی پێداویســـتی جل وبەرگ ئەمەش سەر دەکێشێ بۆ دروست بونی کێشەی خێزانی ئەمە لە کاتێکدا لە ناوچەکە داهات زیاتر لەدەســتی پیاواندایە بۆیە زۆربەی کات ئافرەت بەرگەی ڕەزیلی پیاوەکەی ناگرێت کێشــەکان گەورە دەبن ســەردەکێشــێت بۆ جیابونەوە(المســوی: ٢٠١٢، ص١٤٣)، لە ناوچەی توێژینەوە بەشــێک لە کێشــەکانی خێزان و هۆکاری جیابونەوە بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە، خشتەی(١٢)، شێوەی (١٢)،


لەناوچەی توێژینەوە هۆکاری ڕەزیلی پیاو کاریگەری لەسەر جیابونەوە هەیە بەجۆرێک لە ناحیەی سەنتەر ئەوانەی (زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە ڕێژەکەی دەگاتە (٢٨.٥٪)ی

وەڵامەکان واتە کە ڕەزیلی پیاو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ جیابونەوەیان، لە پیرەمەگرون ئەوانەی (ڕازیم) ڕێژەکەی دەگاتە (٦٦.٦٪) ی وەڵامەکان کە ڕەزیلی پیاو هۆکارێکە بۆ جیابونەوەیان، (زۆر ڕازیم) (٥٧.١٪)ی وەڵامەکانە واتە هۆکاری سەرەکی جیابونەوەیان بریتیە لە هۆکاری ڕەزیلی پیاو، لە ناحیەی بنگرد (زۆر ڕازیم)(١٤.٤٪)ی وەڵامەکانە کە کاریگەری لە جیابونەوەی هاوسەرەکان هەیە.

خشتەی (١٢) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری ئابوری بۆ جیابونەوە(ڕەزیلی پیاو لە دابین کردنی پێداویستیەکانی خێزان)لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | رازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | رازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | رازیم ٪ | زۆر رازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٥٠ | ٤٢.٨ | ٣٨.٤ | ---- | ٢٨.٥ |
| پیرەمەگرون | ٣٧.٥ | ٥٧.٢ | ٤٦.٢ | ٦٦.٦ | ٥٧.١ |
| بنگرد | ---- | ---- | ٧.٧ | ---- | ١٤.٤ |
| خەلەکان | ١٢.٥ | ---- | ---- | ٣٣.٤ | ---- |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ٧.٧ | ---- | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.




شێوەی (١٢) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری ئابوری بۆ جیابونەوە(ڕەزیلی پیاو لە دابین کردنی پێداویستی خێزان)لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)


سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١٢).

**٥-٢-٣.هاوبەشی لە شوێنی نیشتەجێبون و خۆخستنە ناوکێشەی خێزان:** لە گرنگترین هۆکاری ئابوری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بریتیە لە بوونی یەک شوێنی نیشتەجێبون خێزان لەگەڵ ماڵی باوان بەتایبەتیش باوانی پیاو بەهۆی خراپی دۆخی ئابوری، کوڕ ناتوانێت لەگەڵ پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری ڕاستەوخۆ شوێنی نیشتەجێبون دابین بکات، بۆیە سەرەتای هاوسەرگیری پیاو بۆ ئەوەی کەمترین خەرجی بکات لەگەڵ ماڵ باوانی دەبێت بەهیوای ئەوەی ماددەیەک بەدەست بهێنێت و لە داهاتودا بتوانێت شوێنی نیشتەجێبونی خۆی دابین بکات ئەمەش وادەکات بەهۆی نزیکیان بونی کولتوری جیاواز و پەروەردەی جیاوازی ئەو هاوسەرەی کە دێتە ماڵێکی تر کێشە بچوکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبن دواتریش ئەم کێشانە دەبنە بنچینەیەک بۆ جیابونەوە لە هەمان کاتیشدا لەلایەکی تریش خۆ خستنە ناو کێشەکانی خێزان لە لایەن کەس و کاری پیاو یان ژن بێت هۆکارێکی زۆر کاریگەرە کەکاریگەری گەورەی بۆ هەڵوەشاندنی خێزان هەیە (الامیرە،: ٢٠٢٠، ص٤٧٢)، ئەوەی لە ناوچەی توێژینەوە دەبینرێت بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا

خشتەی (١٣) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری ئابوری بۆ جیابونەوە(هاوبەشی شوێنی نیشتەجێبون و خۆخستنە ناوکێشەی خێزان) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | رازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | رازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | رازیم ٪ | زۆر رازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٢٥ | ٥٠ | ---- | ٣٣.٣ | ٤٠ |
| پیرەمەگرون | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ | ٦٦.٧ | ٤٨ |
| بنگرد | ---- | ---- | ٥٠ | ---- | ٤ |
| خەلەکان | ---- | ---- | ---- | ---- | ٨ |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ٢٥ | ---- | ---- | ---- | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.




شێوەی (١٣) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری ئابوری بۆ جیابونەوە(هاوبەشی شوێنی نیشتەجێبون و خۆخستنە ناوکێشەی خێزان) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١٣)

لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزە بۆیە خۆخستنە ناو کێشەکانی یەکتر بۆتە دیاردەیەکی دیار لە ناوچەی توێژینەوە خشتەی(١٣)، شێوەی(١٣)

لە ناحیەی سەنتەر ئەوانەی کە (ڕازیم) ڕێژەکەی (٣٣.٣٪)ی وەڵامەکان پێکدێنێت کە کاریگەری لە جیابونەوەیان هەبووە ، ڕێژەی (٤٠٪)ی ئەوانەی کە (زۆر ڕازیم) یان هەڵبژاردووە پێیانوایە هاوبەشی شوێنی نیشتەجێبون و خۆخستنە ناوکێشەکانی خێزان هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ جیابونەوە، لە ناحیەی پیرەمەگرون ئەوانەی کە (ڕازیم)یان هەڵبژاردوە ڕێژەکەی دەگاتە(٦٦.٧٪)ی وەڵامەکان کە پێیان وایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی جیابونەوە بریتیە لە هاوبەشی شوێنی نیشتەجێبون و خۆخستنە ناو کێشەی خێزانی (٤٨٪)وەڵامی ئەوانەی (زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە ئەوانەن کە پێیانوایە کە هۆکاری نیشتەجێبونی هاوبەش یەکێک بووە لە هۆکارە سەرەکیەکانی جیابوونەوە، لە هەر یەک لە ناحیەکانی بنگرد و خەلەکان ئەوانەی کە وەڵامەکانیان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp421-437

(زۆر رازیم) یەک دوای یەک (٤٪) و (٨٪) بووە واتە ئەم هۆکارە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر جیابونەوەیان هەبووە.


**٥-٣.هۆكاری پەیوەست بە تایبەتمەندی كەسێتی:**

**٥-٣-١.جیاوازی تەمەنی هاوسەرەكان:** جیاوازی تەمەن بە یەکێک لە هۆکارە کەسیەکان دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر جیابونەوە هەیە, چونکە زۆربەی کات تەمەن ئامانج و پێداویستی کەسەکان دەست نیشان دەکات، جیاوازی تێروانینی کەسایەتیەکان بە پێی تەمەنەکان دەگۆرێت بەرامبەر ژیان و بەرامبەر ئەو کێشانەی کە روبەروی خێزان دەبێتەوە بۆیە زۆربەی جار ناتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن یان وەک خۆیان دەمێننەوە یان کێشەکە گەورەتر دەبێت زۆر جار سەردەکێشێت بۆ جیا بونەوە(الشیبانی: ٢٠١٠، ص١٦٠)، لەناوچەی توێژینەوە لەئێستادا بە بەراورد بەسالآنی پێشو ئەم دیاردەیە بەرەو لاوازی دەچێت، بەڵام لە هەمان کاتیش لە هەندێک ناوچە بونی هەیە و کاریگەری لەسەر جیابونەوە هەیە ، خشتەی(١٤)، شێوەی(١٤)

خشتەی (١٤) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری پەیوەست بەتایبەتمەندی کەسێتی بۆ جیابونەوە(جیاوازی تەمەنی هاوسەرەکان) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | رازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | رازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | رازیم ٪ | زۆر رازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٣٨.٨ | ٣٣.٣ | ٥٠ | ٢٥ | ٢٢.٢ |
| پیرەمەگرون | ٤٦.٢ | ٦٦.٧ | ٣٧.٥ | ٥٠ | ٦٦.٦ |
| بنگرد | ---- | ---- | ١٢.٥ | ---- | ١١.٢ |
| خەلەکان | ١٥.٤ | ---- | ---- | ---- | ---- |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ٢٥ | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی راپرسی.




شێوەی (١٤) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری پەیوەست بەتایبەتمەندی کەسێتی بۆ جیابونەوە(جیاوازی تەمەنی هاوسەرەکان) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١٤).


لە ناحیەی سەنتەر ئەوانەی وەڵامەکانیان (رازیم) یان هەڵبژاردووە رێژەکەی دەگاتە (٢٥٪) واتە کە جیاوزی تەمەن وەک هۆکارێکی لاوەکی کاریگەری هەبووە لەسەر جیابونەوە، ئەوانەی کە (زۆر رازیم)یان هەڵبژاردووە دەگاتە(٢٢.٢٪)ی وەڵامەکان واتە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری هەبووە لە سەر جیابونەوە، پیرەمەگرون ئەوانەی (رازیم)یان هەڵبژاردووە (٥٠٪)ی وەڵامەکان و ئەوانەشی کە (زۆر رازیم)(٦٦.٦٪)ی وەڵامەکانە هۆکاری بەرزی رێژەی وەڵامەکان لەم ئاستە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری ناحیەکان بۆیە تا ساڵانی دواتر و بە ئێستاشەوە ئەم دیاردەیە بونی هەیە، ناحیەی بنگرد رێژەی وەڵامی ئەوانەی کە (زۆر رازیم)یان هەڵبژاردووە دەگاتە(١١.٢٪)ی وەڵامەکان کە پێیان وایە هۆکاری جیابونەوەیان هۆکاری جیاوازی تەمەنیان بووە.

**٥-٣-٢.توند و تیژی خێزانی:** توند و تیژی خێزانی بەیەکێک لە گرنگرین هۆکارەکانی جیابونەوە دادەنرێت، جا توندوتیژی جەستەیی بێت یان توندو تیژی دەرونی بەتایبەتی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو خێزانەی کە تیایدا گەورە بووە، بۆیە هەستی رق لێبونەوە یان هەستی دڵەراوکێ یان نەبونی ئارامی و دروست کردنی کێشە زۆر جار دەگەرێتەوە بۆ ئەو دۆخەی کە یەکێک لە هاوسەرەکان لە ماڵی بنەرەتی لەگەڵ خۆی هێناویەتی کاریگەر بووە پێوەی، بۆیە زۆربەی جار ئەم کێشانەی لە نێوان هاوسەرەکاندایە شتێکی بێ بایەخە، بەڵام بەهۆی کاریگەری توندو تیژی خێزانیەوە کێشەکان گەورە دەبن تا وای لێدێت سەردەکێشێت بۆ جیابونەوە(هادی: ٢٠٠١، ص٨٨-٨٩)، لە ناوچەی توێژینەوە کاریگەری توند و تیژی خێزانی کاریگەری بەرچاوی لەسەر زیاد بوونی رێژەی جیابونەوە هەبووە، بۆیە لەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت ئەو خێزانانەی کە پەروەردە بووە لە ناو خێزانێکی توند و تیژ ئەوا زۆرترین ژمارەی جیابونەوەکانیان پێکهێناوە خشتەی(١٥)، شێوەی(١٥)

خشتەی (١٥) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری پەیوەست بەتایبەتمەندی کەسێتی بۆ جیابونەوە(توند و تیژی خێزانی) لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | رازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | رازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | رازیم ٪ | زۆر رازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٣٣.٤ | ١٤.٣ | ٣٣.٣ | ٥٠ | ٣٣.٣ |
| پیرەمەگرون | ٦٦.٦ | ٨٥.٧ | ٥٥.٥ | ٥٠ | ٣٣.٣ |
| بنگرد | ---- | ---- | ١١.٢ | ---- | ٨.٣ |
| خەلەکان | ---- | ---- | ---- | ---- | ١٦.٨ |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ---- | ٨.٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی.




شیوەی (١٥) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری پەیوەست بەتایبەتمەندی کەسێتی بۆ جیابونەوە(توند و تیژی خێزانی)لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١٥).

لەناوچەی توێژینەوە ئەوانەی کە (ڕازیم)یان هەڵبژاردووە لە هەردو ناحیەی سەنتەر(دوکان) و (پیرەمەگرون) ڕێژەکەیان دەگاتە (٥٠٪)ی کۆی وەڵامەکان بۆ هەریەکەیان، ئەوانەشی (زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە لە ناحیەی دوکان ڕێژەکە(٣٣.٣٪)، لەناحیەی پیرەمەگرون(٣٣.٣٪) و لە بنگرد(٨.٣٪)، لە خەلەکان(١٦.٨٪) ولە خدران(٨.٣٪) واتە ئەوانەی زۆر ڕازین و توند و تیژی خێزانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جیا بونەوە هەبووە، لە ناحیەکانی قەزای دوکان کاراترە بەبەراورد لەگەڵ وەڵامەکانی تر.

### ٥-٤.هۆکاری دەرونی:


هۆکاری دەرونی زۆرن بەڵام لێرەدا باس لە گرنگترین هۆکارەکان دەکەین کە کاریگەرییان لەسەر جیابونەوە هەیە.

**-نەخۆشی یەکێک لەهاوسەرەکان:** بە یەکێک لە هۆکارە دەرونیەکان دادەنرێت، کە کاریگەریی لەسەر جیابونەوە هەیە، ئەویش بەهۆی نەخۆشی یەکێک لە هاوسەرەکان جا نەخۆشیەکە جەستەیی بێت یان دەرونی بێت زۆر جار هۆکارێکە بۆ پەکخستنی ژیانی هاوسەرگیری لەبەرئەوەی وەک پێویست هاوسەرەکان ناتوانن داواکاری یەکتر بەئەنجام بگەیەن، بۆیە زۆربەی جار دەبێتە هۆکاری دروست بونی کێشەو جیابونەوە(ابراهیم: ٢٠١٦، ص٤١)، ناوچەی توێژینەوە وەک هەر ناوچەیەکی تر هۆکاری نەخۆشی کاریگەریی خۆی لەسەر جیابونەوە هەیە، بەتایبەتیش نەخۆشی دەرونی کە لە رۆژگاری ئەمرۆدا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، خشتەی(١٦)، شیوەی(١٦).

خشتەی (١٦) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری دەرونی بۆ جیابونەوە(نەخۆشی یەکێک لە هاوسەرەکان) بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

| یەکە کارگێرییەکان | ڕازی نیم بەهیچ جۆرێک ٪ | ڕازی نیم ٪ | بێ لایەنم ٪ | ڕازیم ٪ | زۆر ڕازیم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناحیەی سەنتەر(دوکان) | ٥٤.٥ | ٤٠ | ٦٦.٦ | ١٤.٢ | ١٤.٥ |
| پیرەمەگرون | ٣١.٣ | ٦٠ | ---- | ٥٧.٤ | ٧١.٤ |
| بنگرد | ---- | ---- | ٣٣.٤ | ---- | ١٤.٥ |
| خەلەکان | ٩.٢ | ---- | ---- | ١٤.٢ | ---- |
| سورداش | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| خدران | ---- | ---- | ---- | ١٤.٢ | ---- |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی




شێوەی (١٦) دابەشبونی جوگرافی هۆکاری دەرونی بۆ جیابونەوە(نەخۆشی یەکێک لە هاوسەرەکان)بۆ ساڵی (٢٠٢٣)

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١٦).

بەسەرنجدان بە داتاکانی فۆرمی ڕاپرسی لەسەر ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت ئەوانەی لە ناحیەی سەنتەر(دوکان)(ڕازیم)یان هەڵبژاردوەە دەگاتە ڕێژەی (١٤.٢٪) و ئەوانەشی کە (زۆر ڕازیم) ڕێژەکەی (١٤.٥٪) واتە کاریگەریی نەخۆشی هاوسەرەکان بەرێژەی (٢٨.٧٪)ی کاریگەریی لەسەر جیابونەوە هەبوە ، لە ناحیەی پیرەمەگرون زۆرترین ڕێژە(٥٧.٤٪) ئەوانن کە (ڕازیم) بەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی جیابونەوە نەخۆشی بووە، ئەوانەش کە(زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە ڕێژەکەی (٧١.٤٪) واتە کاریگەریی نەخۆشی لە پیرەمەگرون لەسەر جیابونەوە زۆر کارایە، لە ناحیەی بنگرد و خەلەکان ئەوانەی (ڕازیم)و (زۆر ڕازیم)یان هەڵبژاردووە بەدوای یەکدا ڕێژەکەی لەیەکەوە نزیکە دەگاتە(١٤.٢٪)و(١٤.٥٪)، خدرانیش ئەوانەی کە (ڕازیم)یان هەڵبژاردووە ڕێژەکەی (١٤.٢٪)ە کە کاریگەریی لەسە جیابونەوە هەبووە ، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیە لە ناحیەی پیرەمەگرون دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ناحیەی پیرەمەگرون بەهۆی شوێنی جوگرافی نزیکی لە کارگەکان و بەتایبەتیش کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە ڕێژەی توش بون بە نەخۆشی زیاترە بەبەراورد

بەناوچەکانی تر، سەبارەت بەدیاریکردنی بەهێزترین هۆکاری جیابونەوە لە ناوچەی توێژینەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە خودی دیاردەکە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆیە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکی و پلەی یەکەم لە تۆمارکردنی ئەم ڕێژەیە بەدەست دێنن، لە دوای ئەوەش هۆکاری ئابوری و دەرهاویشتەکانی پلەی دووەم بەدەست دێنن.

## ٦- ئەنجامەکان

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. زیاد بونی ژمارەی جیابونەوە پەیوەستە بە ژمارە و چڕی و دابەشبونی دانیشتوان بە جۆرێک ئەو ناوچانەی ژمارەی دانیشتوان و چڕی دانیشتوانیان بەرزە زۆرترین ژمارەی جیابونەوەی تێدا تۆمارکراوە وەک ناحیەی پیرەمەگرون.

٢. ژمارەی جیابونەوە لە نێوان سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣) دەگاتە (٧٠٠) حاڵەتی جیابونەوە، لەکاتێکدا ژمارەی هاوسەرگیری لەم ماوەیەدا (٤٣١٧) پرۆسەی هاوسەرگیری بووە.

٣. ناحیەی پیرەمەگرون زۆرترین ژمارەی جیابونەوەی تێدا تۆمارکراوە بەجۆرێک لەساڵی (٢٠٢٣) لە کۆی (٧٨) حاڵەتی جیابونەوە (٣١)حاڵەت لە ناحیەی پیرەمەگرون تۆمارکراوە، (٢٦)حاڵەت لە ناحیەی سەنتەر(دوکان) تۆمارکراوە، بەپلەی سێیەمیش ناحیەی خەلەکان (١٣) حاڵەت و بنگرد (٥) حاڵەت و خدران (٣) حاڵەتی تێدا تۆمارکراوە، لەکتیکدا هیچ حاڵەتێک لە سورداش تۆمار نەکراوە.

٤. کۆی گشتی پرۆسەی هاوسەرگیری لە قەزای دوکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣) دەگاتە (٤٢٣) هاوسەرگیری، کە زۆرترین لەم ژمارەیە لە ناحیەی پیرەمەگرون بووە کە دەگاتە (٢١٢) هاوسەرگیری و (١٩١) هاوسەرگیری لە دوکان و (١١) هاوسەرگیری لە خەلەکان تۆمار کراوە، هەریەک لە ناحیەکانی بنگرد و خدران بۆ هەریەکەیان (٤) هاوسەرگیری تۆمارکراوە.

٥. ژمارەی جیابونەوە لە ساڵی (٢٠٢٣) لەسەر بنەمای شارنشین و گوندنشین لەسەر ئاستی قەزاکە لە کۆی (٧٨) حاڵەتی جیابونەوە (٥٩)حاڵەت لە ناوەندی ناحیەکان و (١٩) حاڵەت لە گوندەکان تۆمارکراون.

٦. تێکڕای گەشەی دیاردەی جیابونەوە لە ماوەی سالانی (٢٠١٣-٢٠٢٣) لە قەزای دوکان دەگاتە (٢.٨)و تێکڕای گەشەی هاوسەرگیری لەم ماوەیەدا (٠.٩-) واتە گەشەی هاوسەرگیری بە سالبی دەرچووە و کەمی کردووە.

٧. هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری بەهێزترین هۆکارەکانی جیابونەوەن لە قەزاکە بەتایبەتی پەیوەست بوی هاوڵاتیان بەکۆمەڵێک داب و نەریتی کۆمەڵایەتی تایبەت بەناوچەکە و ڕوبەڕو بونەوەی ناوچەکە بە کێشەی جەنگی داعش و کێشەی ئابوری و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆی هەرێم بەرامبەر حکومەتی عێراقی فیدراڵ، خراپی دۆخی ئابوری هاوڵاتیان و کۆتایی هاتن بە پێشینەی هاوسەرگیری و خانوبەرە وایکرد ژمارەی جیابونەوە بەرز بێتەوە و لەبەرامبەریش ژمارەی هاوسەرگیری کەم بێت.

## ٧- ڕاسپاردەکان

لە میانەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەشکەش بەلایەنی پەیوەندیدار دەکەین:

١. بەهێزکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری هاوسەرگیری لە ڕێگەی دامەزراندنی سەنتەری ڕاوێژکاری پێش هاوسەرگیری بەتایبەتی لەهەر دو ناحیە سەنتەر و پیرەمەگرون لەبەرئەوەی هەردو ناحیەی ناوبراو زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تێدا کۆبۆتەوە و دەبێتە ناوەندێک بۆناحیەکانی تر.

٢. یارمەتیدانی هاوسەرەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز و خۆڕاگر لە ڕێگەی باشترکردنی پەیوەندیەکانیان و تواناکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی و تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتی هاوسەرگیری لەڕێگەی مامۆستایانی ئایینی و پێشکەشکردنی کۆڕو کۆبونەوەی تایبەت بۆ ئەم حاڵەتە.

٣. گرنگی دان بە بەرنامەکانی پەروەردەی کۆمەڵگا و جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەیی لەسەر بنەمای نەریتی کۆمەڵگای قەزاکە کە ڕۆڵی لە گێڕانەوەی بەهاکانی خێزان و کەمکردنەوەی هۆکارە کاریگەرەکانی جیابونەوە هەبێت.

٤. هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی جیابونەوە لەسەر تاکەکان، منداڵان و کۆمەڵگا، پەروەردەکردنی کەلتوری پابەندبون و خۆڕاگری لەکاتی ڕودانی هەر حاڵەتێکی نەخواستراو کە لە نێوان هاوسەران ڕودەدات.

٥. دەستپێشخەرییەکانی پشتیوانی ئابوری و پەرەپێدانی بەرنامەی پشتگیری ئابوری بۆ خێزانەکان، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە دۆخی ئابوریان باش نییە وەک ڕاهێنانی کار، یارمەتییەکان بۆ بازرگانی بچوک و گرنگیدان بە دەزگاو ڕێکخراوە خێرخوازیەکان،بە بەرزکردنەوەی سەقامگیری ئابوری خێزانەکان بەرزکردنەوەی سیستەمی پشتگیری ئابوری.

٦. پێشکەشکردنی یارمەتی یاسایی و خزمەتگوزاری نێوەندگیری بۆ ئەو هاوسەرانەی کە بیر لە جیابونەوە دەکەنەوە.لەڕێگەی دام و دەزگا ڕاوێژکاریەکان و پێشکەشکردنی شێوازی جێگرەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کە بتوانێت ڕێگری لە جیابونەوەی بکات بەیاتیش لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی.

٧. پێشخستنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەرونی و زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەرونی، لەوانەش چارەسەری تاکەکەسی و خێزانیی وەک خەمۆکی ودڵەڕاوکێ کە هۆکارن بۆ جیابونەوە لە ناوچەکە.

٨. کێشەی جیابونەوە بخرێتە پلانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و پەیمانگاکان بخوێنرێت کە باس لە هاوسەرگیری سەرکەوتو و بەهێزکردنی خود و جیابونەوە و هۆکارەکانی جیا بونەوە و کاریگەرییە خراپەکانی بکات ، دانانی چەندین ڕێو شوێنی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تیدا تۆمارکرابێت لە ڕێگەی دەستەیەکی شارەزا پرۆگرامەکە دابنرێت.

## سەرچاوەکان

احمد، ئامانج جلال، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشت و گوزارلە قەزای دوکان،٢٠١٥، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، زانکۆی کۆیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بەشی gis، ٢٠٢٣.

حکومەتی هەرێمی کورستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ پشت بەست بە ژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠٩

محمود، شـاسـوار محمد، شـیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆدانیشـتوانی قەزای دوکان، نامەی ماسـتەر، بڵاونەکراوە، ٢٠١٣،زانکۆی صلاح الدین،هەولێر.

وەزارەتی داد، دادگای بەرایی پیرەمگرون، بەشی باری کەسـێتی (جیابونەوە و هاوسـەرگیری)، بلاونەکراوە ٢٠٢٣.

وەزارەتی داد، دادگای بەرایی دوکان، بەشی باری کەسێتی (جیابونەوە و هاوسەرگیری)، بلاونەکراوە ٢٠٢٣.

چـاوپێکەوتن لەگەڵ (شـەهلا جزاء محمـد) دادوەر لە دادگـای بەرایی ناحیەی پیرەمەگرون ٢٠٢٤/٤/٢.

ابراهیم، حسـین علون، التباين المکانی لطالبی ظاهرة الطلاق فی قضـاء سـامراء و مسـبباته، جامعة سـامراء، مجلة لدراسـات الانسـانية محكمة متخصـصـة، المجد ١٣، العدد ٤٦، السـنة الحادية عشر،٢٠١٦.

الامیر، هدیل هشـــام عبد، التباين المكانی لحالات الطلاق فی محافظة میســاناللمدة فی (٢٠١٤-٢٠١٩)، مجلة كلية التربية، جامعة واســط، العدد الحادی والاربعون، جزء الثانی، تشرــینی الثانی، ٢٠٢٠.

أنوار مجيد هادي، الطلاق العاطفي وعلاقته بفاعلية الذات لدى الاسر في مدينة بغداد، رســالة ماجســتير(غير منشــورة)، قســم الارشــاد النفسي_ والتوجيه التربوي، كلية التربية، جامعة المستنصرية،٢٠١٠.

حسين، عبدالرزاق عباس، جغرافيه المدن، مطبعه اسعد، بغداد، ١٩٩٧ز.

الدوری، احمد ظاهر خسـارة حسـین، التحليل الجغرافی للمتغيرات الاجتماعية والاقتصـادية المتعلقة بظاهرة الطلاق فی محافظة صـلاح الدين لعام٢٠٢٠، مجلة التربية للعلوم الانسـانية، المجلد(٣)، العدد(١٠)، ٢٠٢٣.

السـبعاوی: هناء جاسم، الطلاق و اسـبابه فی مدینة الموصـل، دراسـة تحلحلیة، مجلة اضـاءات موصلیة، العدد ٧٤، ٢٠١٣.

السعدي، عباس فاضل، جغرافية السكان، دارالكتب للطباعة، ج1،بغداد، 2001.

الشیبانی، زهراء محمد علی، الفارق العمری لزوجین یعتبر من اهم جوانب التكافؤ، مجلة البصرة، العدد (٣٢)، النجف الاشرف، ٢٠١٠.

العراقی، بثنیة السـید، حیاة الزوجیة بلا مشـكلات، ط ١، دار طریق للنشرـ والتوزیع، الریاض، ٢٠٠٦

فهـد، ثاقـب، ١٩٩٦، أســبـاب الطلاق في المجتمع الكويتي، دراســة ميـدانيـة، مجلة العلوم الاجتماعية، 24(3).

كریم، شكریة عبدالله، یاسین، شیرین رمضان، التحلیل المكانی لحالات الطلاق فی محافظة البصرة ، جامعة البصرة، كلیة التربیة للعلوم الانسانیة، عدد خاص المؤتمر العلمی الدولی الثانی، ٢٠٢٢.

المســوی، مجید علی شــوانة، التباین المكانی لحالات الطلاق المســجلة فی محافظة ذی قار للمدة ٢٠٠٤-٢٠١٤، رسالة ماجستیر، جامعة الواسط، ٢٠١٤.

المشــیحص، عبدالكریم، الانحرافات الاجتماعیة مشــكلات و حلول، ط١، دار الهادی للطباعة للنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠٠٥.

منهل، قسـمه نجم عبدالله، ظاهرة الطلاق فی قضـاء المقدادیة الاسـباب والنتائج لعام ٢٠٢٠، مجلة دیالی، عدد ٩، جامعة دیالی، كلیة التربیة الانسانیة.

الموســوی، مجید علی شــناوة، التباین المكانی لحالات الطلاق المســجلة فی محافظة ذی قار للمدة ٢٠٠٤-٢٠١١، ٢٠١٢، رسالة ماجستیر (غیر منشورة)، جامعة واسط، كلیة التربیة، قسم جغرافیا.

هادی، انور مجید، الطلاق العاطفی وعلاقته بالذات الاسری، دار النهضة العربیة، ٢٠٠١.

لینکی فۆڕمی ڕاپرسی لە گۆگل فۆرم

https://docs.google.com/forms/d/1gt61iY4v3UaXeMWnKXpLgrtGsvAzvBp3oX3LPLA20OM/edit

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp421-437